لە کامیاندا هەڵە بووین

لە دەستنیشانکردنی کێشەکان یان لە چارەسەرکردنیان؟

ئامانج مەحمود
mahmudamanj77@yahoo.com

بەپێی ئەو موحازەرە فەلسەفیانەی کاک فاروق رەفیق کە پێشتر لەشاشەی کوردستان تی ڤی و ئێستا لەشاشەی کوردساتەوە پێشکەشی دەکات، پەیوەندی سیاسەت بەفەلسەفەوە بۆ بەخەبەرهێنانەوەی هاولاتیانە لە خەوی غەفلەت، بەڵام بەداخەوە ئەو شاشانەی مامۆستا ئەو موحازەرە فەلەسەفیانەی لێوە پێشکەش دەکات، خودی شاشەکان بە ئامانجی هێشتنەوەی خەڵک لە خەوی غەفلەت دروستکراون و هەر بۆ ئەو مەبەستەش بوواریان پێداوە

لە تەلەفزیۆن و رۆژنامەکانی پارتی هەواڵەکانی مام جەلال پێش هەواڵەکانی مەسعود بارزانی دادەبەزێت

ئەو موحازەرانە پێشکەش بکرێت، بەکارهێنانی ئەکادیمیەکان ئەو جا ج ئەکادیمیستی فەلسەفی بن یان ئەکادیمیستی ئایینی، بێجگە لە مامۆستا فاروق رەفیق خەڵکانی دیکەش هەمان رۆڵیان بینیووە، هەربۆنموونە مامۆستا بەشیر حەداد وتار خوێن و پێشنوێژی مزگەوتی جەلیل خەیات لە تەلەفزیۆنی زاگرۆس بێ مێزەر و لە تەلەفزیۆنی نەورۆز بە مێزەرەوە خەریکی موحازەرە وتنەوە بوو، مامۆستا عومەر چنگنیانیش ئەوە بێجگە لە تەلەفزیۆنی زاگرۆس و لە رۆژنامەی خەباتیشەوە رۆژانە موحازەرەی هەبوو، بەڵام ئەوەی ئاکامی موحازەرەکانی د.بەشیر حەداد و د.چنگیانی پێمان دەڵێن ئەوەیە، کە ئەو شاشانە خوڵی رامێنان بوون بۆ بوون بە ئەندامی پەرلەمان، ئێستا د.بەشیر حەداد ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە و ماموستا عومەر چنگنیانی پاڵێوراوی پەرلەمانی عێراقە، د.رەفیق سابیریش ئەم خولەی بینی بەڵام کەمتر کە ئەویش ئێستا ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە، بۆیە زۆر پێدەچێت، د.فاروق رەفیقیش ئێستا لە خولی مەشق و رامێنانی خولی ئایندەی پەرلەمان بێت، نەک بەخەبەر هێنانەوەی خەڵک لە خەوی غەفلەت، بۆیە وەک چۆن بەشیر حەداد و عومەر چنگنیانی ئایینیان کرد بە هۆکارێک بۆ ئەندام پەرلەمانتاری، پێدەچێت ئەویش فەلسەفە بکاتە هۆکارێک و ڤیزای پەرلەمانێکی دیکەی پێ وەربگرێت.

ئاماژەکردن بۆ ئەم نموونەیەی مامۆستا

پەیوەندی سیاسەت بەفەلسەفەوە بۆ بەئاگاهێنانەوەی هاووڵاتییانە لە خەوی غەفڵەت

فاروق رەفیق خوانەخواستە بۆ پلار و توانج گرتن لێی نیە،بەڵکو ئەمە دەکەینە دەروازەیەک بۆ ئەوەی بپرسین : ئەگەر بەخەبەر هێنانەوەی خەڵک لە خەوی غەفلەت کێشەیەک بێت و بمانەوێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین، ئایا چۆن ئەم کێشەیە دەستنیشان دەکرێت و چۆن هەوڵدەدەین چارەسەری بکەین؟ ئەم پرسیارە ئەو تێکەڵیەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە لە هەرکوێیەکی کێشەکانی کۆمەڵگەی خۆمانەوە سەیری بکەین رووبەڕووی هەمان پرسیار دەبینەوە، ئایا ئێمە لە دەستنیشانکردنی کێشەکە هەڵەین یان لە چارەسەرکردنی کێشەکە؟

د.فاروق لەو بەشەدا جوانی پێکاوە کە دەڵێت: (دەبێت تیکەڵاوکردنی سیاسەت و فەلسەفە بۆ بەخەبەر کردنەوەی خەڵک بێت لە خەوی غەفلەت) ئەم قسانە وەک تیۆریی رازاوە و جوانن، جوانی ئەو وشانەش ئیشکالیەتێک دروستدەکەن کە پێشتر ئیشکالیەتی پێناسەی دیموکراتی بووە، لەبەر ئەوەی خەڵک تەنها وا فێرکرابوو (دیموکراتی واتە حکومرانی گەل و دەنگی زۆریەی هاولاتیان) بەلام ئیشکالیەتەکە لە پێناسەکەدا ئەو پرسیارە بوو (ئایا گەل چیە و کێ هاولاتی بووە؟) رۆچۆن بەدوای ئەم ئیشکالیەتە تەواو تەواو ماناو پێناسەی دیموکراتی پێچەوانەوە دەکردەوە، لەبەر ئەوەی زۆرینەی هاولاتیان واتە کەمایەتی گەل بۆیە مانا راستەقینەکەی دیموکراتی بە مەفهومی یۆنانی کۆن واتە ((حکومرانی کەمینە بۆ زۆرینەی گەل)) ئەم ئیشکالیەتە دەرناکەوێت هەتا مانای هاولاتی لە یۆنانی کۆن نەزانین و وەڵامی ئەو پرسیارە نەدەینەوە ئایا هاولاتی کێ بووە؟ بێگومان مێژوو دەڵێت لە یۆنانی کۆندا ئەوانەی بە هاولاتی حسابکراون کەمینەی گەل بوون، لەبەر ئەوەی (ئافرەت، بازرگان، کۆیلە، بیانی) بە هاولاتی لە قەڵەمنەدراون و مافی دەنگدنیان نەبووە، هەموو کات ئەوەی بە هاولاتی حسابکراوە رێژەی ١٠-١٥٪ی گەلی پێکهیناوە، بۆیە بە درێژایی نزیکەی ٢٥٠٠ ساڵ مرۆڤایەتی هەوڵیدا ئەم ئیشکالیەتە بەو شێوەیە چارەسەر بکات کە چەمکی هاولاتیبوون ئەو لایەنانەی دیکەش بگرێتەوە کە پێشتر بە هاولاتی لەقەڵەم نەدراون و ئەم هەولانەش بوون بە هۆکارێک بۆ نەهێشتنی کۆیلەیەتی، دابینکردنی یەکسانی ژن و پیاو، پێدانی مافی رەگەزنامە بەبیانی، ئەوجا ئیشکالیەتی مانای دیموکراتی چارەسەر بوو، ئەمەش واتە ئەو مانایەی دیموکراتی کە حکومی کەمینەی بە زۆرینە پیشاندەدا، جارێکی دیکە مانای خۆی پێدرایەوە.

لەمانای یاسای رۆمانیشدا ئیشکالیەتێک هەبوو، زۆر بیرمەندان یاسای رۆمانیان بە بنەمای لیبرالیزم دادەنا وەک پارێزەری مافی تاک سەیریان دەکرد، بەڵام هیگل ئەم ئیشکالیەتەی دۆزیەوەو سەلماندنی یاسای رۆمانی نەک مافی تاک ناپارێزێت بەڵکو سوکایەتی بەمانای مرۆڤایەتی دەکات، لەبەر ئەوەی لە یاسای رۆمانیدا کۆیلە ((شتە وەک کەلوپەل و کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێت، نەک مرۆڤ)) ئەمە گەوهەری بێ مانایی یاسای رۆمانی بوو کە بەشێک لە مرۆڤەکانی وەک کەلوپەل پێناسە دەکرد نەک مرۆڤ ئێستا ئەگەر لەناو ئەم بازنە فەلسەفیەوە وتووێژێک لەگەڵ د.فاروق رەفیق بکەین و پێی بڵێین ئایا ئەو وشانەی لە ناو موحازەرەکانتدا بەکاری دەهێنێت و لە شاشەی تیڤییەکانەوە لای قوربەسەری کوردستانی پێ بەنج دەکەی، ئایا ئەمە هۆشیار کردنەوەیە یان دووبارە هێشتنەوەیانە لە خەوی غەفلەت؟ بێگومان هێشتنەوەیانە لە خەوی غەفلەت ..بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەو شاشانەی مامۆستا موحازەرەکانی لێوە پێشکەش دەکات ئامانجێکی دیکەیان هەیە ئەگەر بزانن ئەم موحازەرانە نابنە بەشێک لەو ئامانجەی ئەوان هەیانە ئەوا ئەسڵەن رێگەی پێنادەن لەشاشەکەشەوە دەربکەوێت، پێشتر لە هەولێرەوە و لەسەر شاشەی کوردستان تی ڤییەوە، کاک فاروق رەفیق پێی وابوو، پێویست نییە لە سوقراتەوە باسی فەلەسەفە بکرێت، بۆیە لە سپینۆزاوە چووە ناوەوە، هەندێک لە وانەی لە مێژووی فەلسەفە شارەزابوون دەڵێن، هۆکاری ئەمە دەگێرنەوە بۆ ئەوەی پارتی لەو سەردەمە زۆر مەبەستی بووە خەڵک بە فەلسەفەی جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت ئاشنا بکات لەبەر ئەوەی نفوزی یەکگرتوو لەناوچەکانی پارتی لە هەڵکشاندا بوو، بەڵام هەر لەگەڵ سەرکردایەتی یەکگرتوو دەنگە دەنگی ئەوەی تێکەوت کە مامۆستا عەبدولڕەحمان سدیق برهای بە بە سیاسەتکردنی ئایین نەماوە، ئیدی کارەکەی مامۆستا فاروقیش لە لە مەسیفەوە گوازرایەوە بۆ بناری ئەزمڕ ((وێستگەی کوردستان))، ئێستا بەپێی موحازەرەکانی فاروق رەفیق کە گەڕاوەتەوە و لە سوقراتەوە خەتمی فەلسەفە دەکات، پێدەچێت کێشەی ئێستای یەکێتی لە کێشەی پێشتری پارتی جیاواز بێت، بەڵام گوێی شەیتان کەڕ بێت و قورئان لە بەیندا بێت، ئینشائەڵڵا یەکێتی بەدەردی سوکرات ناچێت و لەسەر پابەندبوونی بەراستییەوە ژەهر خواردو ناکرێت.

باشە لە وڵاتێکدا حزب مەزاجی فەیلەسوفێک هەڵسوڕێنی، پرسیار ئەوەیە ئایا تەئەمولاتی فەیلەسوفەکە چۆن دەبێت؟ ئایا خەمەکانی دەستنیشانکردنی کێشەکانی خەڵک دەبێت، یان کێشەکانی ئەو حزبەدەبێت کە کەناڵەکەی وەک واعیز بەکاری دەهێنێت؟ ئەمە تەنها کیشەی فاروق رەفیق نییە وەک رۆشنبیرێک، بەڵکو ئەمە ئەو پەتایەیە کە زۆر کەسی دیکەشی بە ناو رۆشنبیر و رۆژنامەنووسی ئازادەوە گرتۆتەوە، ئەگەر یەکێک بە ووردی سەیری وبیسایتی ئاوێنە بکات، دەبینێت لەسەری سەرەوە ریکلامێکی بێ مانا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی جەبران توبینی بۆ رۆژنامەکە کراوە و لە خوار ئەویشەوە دوو هەواڵی گرنگ بڵاو کراونەتەوە یەکەمیان نەوشیروان مستەفا وەڵامی جەلال تاڵەبانی دەداتەوە) دووەمیشیان ((لە هاوڕێیەتیەوە بۆ تخوین – نووسینی نەوشیروان مستەفا) لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارەی سێشەمەی رابردووی ئاوێنەشدا وێنەیەکی مام رۆستەم بە گەورەیی بڵاوکراتەوە و لە ژێریدا نووسراوە ((مام جەلال بۆ کەرکوک رەشی نەخستۆتە سەرسپی))، باشە ئەمە رۆژنامەی هاوڵاتییە یان رۆژنامەی کادری حزبە، بۆیە جێگەی خۆیەتی ئەو پێشنیارە بخەینە بەردەم رۆژنامەنووسی ئازاد و وەرگری خەڵاتی جبران توبینی ئاسۆس هەردی کەناوی ئاوێنە بگۆڕێت بۆ کادر، لەبەر ئەوەی ئێستا ئاوێنە بڵاوی دەکاتەوە خەمی نەوشیروان مستەفا و کادرەکانی گۆڕانە نەک کێشە و خەمی هاوڵاتی، رۆژنامەی کۆمەڵی ئیسلامیش بەم سەری ساڵە کە رەخنەی ئەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێت بودجەی ئیحتیفالاتی کریسمس لە ئیحتیفالاتی سەنەی هیجری کەمترە، بەخەی پارێزگاری هەولێری گرتووە، ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت، وەڵڵا بودجەی کریسمس لە بودجەی سەنەی هیجری زیاتر بووە، کۆمەڵ دەیەوێت ئەم غەدرە لە پارێزگاری هەولێر قبوڵ نەکرێت لەبەر ئەوەی زۆرینەی کورد موسڵمانە و کەمینە کریستسانە، کەواتە دەبێت بودجەی سەنەی هیجریش بەپێی نسبەی سوننەکان دیاری بکرێت و دەقات بەرابەری بودجەی ئیحتیفالاتی کریسمس بێت. لەنێو رۆژنامەکانی کوردستاندا خەبات هەموو کات بێ رەخنە و بێ گلەیی و گازندە لێی دەردەچێت، ئەوانەی لەکاری رۆژنامەنووسیدا پر ژ ڤیشنا لن ، سە ر گو ر شتیە کی سەرنووسەرێک دەگێرنەوە کە زۆر جوان پێکاویەتی و دەڵێت: (لەم وڵاتە کەرستەی هەواڵ هەیە بەلام رۆژنامەنووس نییە هەواڵەکە دروست بکات، بۆیە باشترە هەواڵەکان بەحازری لە کەناڵی جەزیرە وەربگرێت و لە تەنیشتیەوە بنووسرێت – هەولێر – ناوی نووسەرەکە) ئەم فێڵە رۆژنامەوانیەی سەرنووسەرە زیرەکەکەی خەبات دەیکات، خەباتی لە گلەیی و گازندە شاردۆتەوە گەرچی تۆزێک زەرەی بۆ تیراژی خەبات هەیە، بەڵام وەک سەرچاوەیەک بە نووسەری ئەم دێرانەی راگەیاند، بەرپرسێک ئەم زەرەرەی بۆ خەبات پڕکردۆتەوە و رایسپاردووە هەموو دامودەزگا حزبی و حکومیەکانی هەولێر هاوبەشی لە کرینی خەبات بکەن، بەسەرنووسەری خەباتیشی گوتووە،ئەگەر مەکتەبی سیاسی لێی پرسیت بۆچی چل دانە لە سلیمانی وگەرمیان دەفرۆشێت و لە دهۆک سەد دانە، بڵی قوربان سلێمانی بڵاوکراوەی پارتی ناخوێننەوە و بۆ دهۆکیش بڵی قوربان خەبات سۆرانیە و لە دهۆک نازانن بیخوێننەوە.

بەپێی بۆچوونی ئەو ئەکادیمست و رۆشنبیر و رۆژنامە ئازاد و حزبیانەی ئاماژەمان پێکردن، لەکوردستان خەڵک هیچ کێشەیەکی نییە ئەوەی هەیە کێشەی حزبە سیاسیەکانە و هاووڵاتییان هەست بە بەرپرسیاریەتی ناکەن هاوکاری حزبە سیاسییەکان بکەن کێشەکانیان چارەسەر بکەن!! ئێستا هەموو کێشەی خەڵک لای

بۆچی زۆربەی خانمانی پەیمانگەو کۆلێژە راگەیاندنەکانی کوردستان ئامادەنین لەو میدیایانەدا کار بکەن

کوردستانی نوێ، کێشەی جەمال موختار و پۆلا سەعیدە، پۆلا سەعید تەسلیم بە یەکێتی بۆتەوەو نهێنیەکانی درکاندووە و جەمال موختار لەکوردستان پۆستەوە بەرگری لە پاکی و نەزیهی خۆیی و سایتەکەی دەکات و پۆلا سەعیدیش بە قسەی یەکێک لە هاورێیانی چاک کە هاورێی بەردەوامی کوردستان پۆستیشە، کاکە پۆلا ئەمەی لە تۆڵەی خەزوریدا کردووە (ئافەرین. زاوا لە خەمی خەزوردا نەبێت گورگ دەیخوات))، بەڵام خوا هەڵناگرێت لە ساڵی ٢٠١٠ وە هەتا ئێستا مانشێتێک سەرنجی راکێشا بم، ئەو مانشێتەی هەفتەی رابردووی رۆژنامەی یەکگرتوو بووە،کە نووسیبووی (پەرلەمانتارەکانی یەکگرتوو لە پشووی پەرلەماندا کێشەکانی خەڵک بەسەردەکەنەوە)،سەیر کەن لە دیدی رۆژنامەی یەکگرتوودا خەڵک هێندە ساویلکە تەوزیفکراوە کە مەزندە ناکرێت، یەکگرتوو سەرقاڵی هەڵخەڵەتاندنی

حزبە سیاسییەکانی کوردستان هێندە لە خەمی کەرکوک و چارەنووسی کوردستاندان،ئەی بۆچی خەڵکی کوردستان متمانەیان پێ ناکات

خەڵکە بۆ سواڵکردنی دەنگ، کەچی ناوی لێناوە بەسەرکردنەوەی کێشەکانی خەڵک! پەرلەمانتارێکی کۆمەڵیش کە لە رادیۆی نەواوە لێیان پرسی بەڕێز موچەکەت چەندە، بێگومان موچەی پەرلەمانتار ناشاردرێتەوە کە حەوت ملیۆن و قسور دینارە،بۆیە بەراستی موچەکەی بە بیسەران راگەیاند، لاکین بۆ خوا بڵێین ئەوەشی گوت کە ئەوان تەسەروف بەو موچەیەوە ناکەن تەسلیمی ئەمیری دەکەن و ئەویش خوا لە دەستی بەزیاد بکات رۆژانەیان دەداتێ، کە گوێم لەم راستگۆییە بێ هاوتایەی ئەم پەرلەمانتارە راستگۆیە بوو لە دڵی خۆمدا گوتم لەبری کوری ساڵح خوا پەرلەمانتارێکی سالحت پێیدابباشترەو هەزار کوری ساڵح دێنێت، ئەگەر وانەبێت چۆن ئەمیری موئمنینی کۆمەڵی ئیسلامی ژنی سێیەمیش دێنی و خۆی حازر دەکات بۆ نیهائی چوارەم، ئەوجا با پەخشان زەنگەنە هەر بۆ خۆی بڵێت نایەڵم کەس ژنی دووەم بێنێت، ئەمەیە کوردستان پەرلەمانتار هەیە شانازی بەوە دەکات کەرێگری لە ژنی دووەم دەکات، هەر پەرلەمانتاریش هەیە بە موچەکەی خۆی ژنی سێیەم بۆ ئەمیرەکەی دێنێ، ئەمانە هەردوکیان پەرلەمانتارن لای پەخشان زەنگەنە گرفتی خەڵک ژنی دووەمە کە نابێت بهێنرێت، لای پەرلەمانتارەکەی دیکە گرفتەکە ئەوەیە ئەمیر سێ ژنی هەیە بیکات بە چوار و دەبێت ئەم گرفتەش چارەسەر بکرێت. لەمەش سەیرتر لەو کاتەی لە ناو پەرلەمانی کوردستان دەنگ بۆ قەدەغەکردنی فرە ژنی درابوو، کاکە حەمەی حاجی مەحموود دەستی بۆ قەدەغەکردنی فرە ژنی هەڵبرییوو، پەرلەمانتارەکەی تەنیشتی پێی گوتبوو. خوا بتگرێت تۆ خۆت دوو ژنت هەیە چۆن دەستی بۆ هەڵبڕی، ئەویش گوتبووی ئێمە هێنامان با ئێنجا هەر قەدەغەی بکەن.

دەزانم خستنەڕووی ئەم کێشانە بەشێوەی کێشەی بچووک و تەنز ئاسا رووبەڕووی ئەو پرسیارەم دەکاتەوە، بۆچی لەم نووسینەمدا بەوجۆرە لەسەر کێشەکان رادەوەستم؟ لە وەڵامی هەموو ئەوانەی ئەوپرسیارەم لێدەکەن دەڵێم، گەڕانەوە بۆ کێشە بچووکەکان لە سەیرکردنی بێ بایەخی حزبە سیاسییەکان بۆ کێشە گەورەکان تێدەگەین، ئێستا کێشە گەورە و چارەنووسسازەکان نەک کێشەی حزبە سیاسییەکانی کوردستان نین، بەڵکو ئەم کێشانە وەک کێڵی کارەبا و ئۆتۆمبێلی دائیرەکان و کەرەستەکانی بەنداوی بێخمە، سەرچاوەی بازرگانیکردنی هەموو لایەکن، ئێستا حزبەکان بە بێ بایەخکردنی ئەو کێشە چارەنووسسازانە ژیانی خۆیان و هەوادارەکانیان مسۆگەر دەکەن، ئەگەر لەدیدی مام جەلالەوە سەیری کێشەکان بکەین، دەبین قسەکانی مام رۆستەم کاردانەوەیە، ئەگەر مام جەلال لە راپۆرتەکەیدا نەڵێت، نەوشیروان گوتویەتی چەمچاڵ هاتە سەر سلێمانی کەرکوکمان بۆچیە، مام رۆستەمیش ناڵێت مام جەلال بۆ کەرکوک رەشی نەخستۆتە سەرسپی.

نەوشیروان مستەفا کە لە یادەوەرییەکانی پێشوویدا ئاماژەی بەوە کردووە (ئامادەبووە ئەگەر تەقە لە مام جەلال بکرێت ئەو خۆی بداتە بەر فیشەکەکەو بەر مام جەلال نەکەوێت، بەڵام لە دوایین وتاریدا کە وەڵامی مام جەلالی داوەتەوە، هەر بەڕای ئێستای نەوشیروانەوە هەست دەکرێت مام جەلال ئەو زاتە نیە کە پێشتر نەوشیروان هێندە ملکەچ و موتیعی بووە، کە گوێ لە قسەکانی عومەری سەید عەلی دەگریت کە خۆی ٣٠ ساڵ پێشمەرگە و ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حزبە بووە، لە خۆت دەپرسی باشە کە یەکێتی هێندە خراپ بووە چۆن سی ساڵ تەحەمولی کردووە، کە سەیری یەکەم وەڵامی کوردستانی نوێش دەکەیت بۆ نەوشیروان مستەفا، کە نەوشیروان بە قاتیلی عەبدوڵڵا سور ناو زەد دەکات، دەپرسین چۆن بەرپرسی ئێستای مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی یەکێتی،ئەندامی کۆمەڵە بووەو رازی بووە قاتلێک سکرتێری بێت، کەسەیری رێزی ئێستای مەسعود بارزانیش دەکەین بۆ جەلال تاڵەبانی و دەبینن لە تەلەفزیۆن و رۆژنامەکانی پارتی هەواڵەکانی مام جەلال پێش هەواڵەکانی مەسعود بارزانی دادەبەزێت، هەق نیە بڵێین (سبحان مغیر الاحوال) .

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە دووبارە ئەو پرسیارە بکەینەوە (لە کامیاندا هەڵە بووین. دەستنیشانکردنی کێشەکان یان چارەسەرکردنی کێشەکان؟) بێگومان ئێستا لەوانەیە هەق بە نووسەری ئەم دێرانە بدەن، کە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەو پێشەکییە درێژە بێ تامەی دەویست، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە لە کێشەی زۆر بچووکەوە کە ئێستا هەموو میدیاکانی کوردستان بە خەتەنەی مێینەی دەزانن تا دەگاتە خەمی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان و گەڕانەوەی بۆ سەرهەرێمی کوردستان، هیچیان خەمی خەڵک نین، بەڵکو کێشەی ململانێی و شەڕی دەسەڵاتی حزبە سیاسیەکانە بە پەردەی کێشەی خەڵک دادەپۆشراون، هەر بۆنموونە کاتێک میدیاکانی کوردستان خەمی خەتەنەی مێینە وەک خەمی لە ٥٠٪ی کۆمەڵی ئێمە دەخەنەڕوو،واتە هێندە لەخەمی ئازارەکانی مێینەن و دەیانەوێت مێینە لە چەوسانەوە رزگار بکەن، بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە بۆچی زۆریەی خانمانی پەیمانگە و کۆلیژەکانی راگەیاندنەکانی کوردستان ئامادەنین لەو میدیایانەدا کاربکەن؟، هەمان پرسیار بۆ حزبە سیاسیەکانی کوردستان و هەڵوێستیان لەسەر کەرکوک و کێشە چارەنووسسازەکانی دیکەی کوردستانیش راستە، پرسیار ئەوەیە ئایا کە حزبە سیاسییەکانی کوردستان هێندە لە خەمی کەرکوک و چارەنووسی کوردستاندان، بۆچی خەڵکی کوردستان متمانەیان پێ ناکات، خۆ ئێستا کە بەرووڕووی هەڵبژاردنێکی چارەنووسساز دەچین حزبە سیاسییەکان لەسەر تێڕوانیان بۆ ئایندەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان و چارەنووسی سیاسیی کوردستان هێندە بەرگری لە هەڵوێست و بۆچوونی خۆیان دەکەن، بەرامبەر بە خائین و خۆفرۆش تاوانبار دەکەن.

کەواتە دەرەنجامی ئەم نووسینە بەرەو ئەو ئاکامەمان دەبات کە ئێمە وەک هاوڵاتی و ئەم کوردستانە خوازیاری نین، ئەویش ئەوەیە کە حزبە سیاسییەکانی کوردستان هێندەی لە خەمی کێشەکانی خۆیاندان و هێندەی کێشەکانی خۆیان دەستنیشاندەکەن و هەوڵدەدەن بەهەر هۆکارێک بیت چارەسەری بکەن، هەرگیز کێشەی خەڵک بە هی خۆیان نازانن، پێش نووسینی ئەم بابەتە لەگەڵ هاوڕێیەکم موناقەشەم دەکردو لێم پرسی، بۆچی حزبە سیاسییەکانی کوردستان خەمی خەڵک بە خەمی خۆیان نازانن، لە وەڵامدا پێی گوتم، حزبەکانیش دەڵێت ئەوەی حزبی ئێمە بە حزبی خۆی نەزانێت ئێمەش بە هاوڵاتی نازانین، وتم ئەی خاک ئەی کوردستان، وتی دەڵێت خاکێک بە ئایدۆلۆژیای من نەپارێزرێت هەر پیرۆزی دوژمن بێت و کوردستانێک رێز لە ئایدۆلۆژیەتی من نەگرێت کاول بێت.

لەوانەیە وەڵامی هاورێکەم بۆ پرسیارە بێ ماناکانی من تەنزاوی بێت، بەڵام باری سیاسی ئێستای کوردستان نەک جارێک بەڵکو سەد جار ئەو تەنزە دەسرێتەوە و وەک ئەمری واقیع دەیسەلمێنێت.

حزبە سیاسییەکانی کوردستان هێندەی لە خەمی کێشەکانی خۆیاندان و هێندەی کێشەکانی خۆیان دەسنیشاندەکەن هەرگیز کێشەی خەڵک بە هی خۆیان نازانن

جەواد مەلا :

سایکس بیکۆ زەوی کوردستان و حزبە کوردییەکانیش خەڵکەکەیان دابەشکرد

میدیا– هەولێر

جەواد مەلا سەرۆکی حکومەتی رۆژئاوای کوردستانە لە تاراوگە و سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان KNC، لەم هەڤپەیڤینەدا بۆ میدیا لە سەر چەند پرسێکی کوردستانی دەدوێت:

میدیا: ئێوە سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانن، ئامانج و کار و چالاکییەکانی ئەو کۆنگرەیە چییە؟

– کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٥دروست بوو دوای ئەوەی کە لەکوردستان دەرچووم گەیشتمە ئەورووپا ئەو باوەڕەم لا دروست بوو کە بڕوام بەوە نییە یەک لایەن یان یەک حزب بتوانێت کوردستانی مەزن ئازاد بکات، ئەو کۆنگرەیە حزب نییە بەڵکو سەیوانێکی نەتەوەییە بۆ هەموو حزب و رێکخراو لایەنەکانی کوردستان دەتوانن لەگەڵ ئێمە دانیشن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە گەورەیەی ئێمە چارەیەک بدۆزنەوە، چارەیەک کە کۆنگرەی نیشتمانی لە سەر بنیادنراوە سەربەخۆی کوردستانە، ئێمە بڕوامان وایە ئەو حکومەتانەی دەسەڵاتیان بەسەر کوردستاندا هەیە ئامادەنیین ماف بە هاوڵاتییەکانی خۆیان بدەن بۆیە ناکرێت چاوەڕوانی ئەوەیان لێبکرێت مافی نەتەوەیی بە نەتەوەیەکی دیکە بدەن، لەسەر ئەو بناغەیە مەسەلەی سەربەخۆی کوردستان مەسەلەیەکی زۆر ستراتیژیە بە لای ئێمەوە، ئیمکان نییە ئێمە بتوانین کەرامەتی گەلی خۆمان بپارێزین بەبێ بوونی دەوڵەتێکی کوردی، هەندێک کە دەڵێن دروست بوونی دەوڵەتی کوردی خەیاڵە، بەڵام ئێمە دەڵێین نەخێر خەیاڵ نییە راستە زۆر زەحمەتە بەڵام موستەحیل نییە، بەبڕوای ئێمە مستەحیل ئەوەیە کە جەنراڵەکانی تورک، مەلاکانی ئێران، بەعسیە فاشستەکان بکەین بەدیموکرات.

میدیا: لەو کاتەوە کە کۆنگرەی نەتەوەیتان دروست کردوە تا ئێستا چەند هەنگاوی کردەیتان ناوە بۆ ئەو ئامانجەی بەرزتان کردوەتەوە کە سەربەخۆی کوردستانە؟

– کۆنگرە تەنزیمێکی حزبی نییە، بەڵکو وەک بیروباوەڕێک ئێمە کار بۆ سەربەخۆی دەکەین لەو بوارەشدا کارمان هەیە، ئێمە رۆژنامە و ماڵپەڕی ئەلترۆنی رادیۆ و تەلەفزیۆنمان هەیە، هەروەها حکومەتی رۆژئاوای کوردستانمان دامەزراندوە، لەبواری پەیوەندی دیبلۆماسیدا بە هەزاران نامەمان ناردوە بۆ هەموو دنیا بۆنمونە نامەیەکمان بۆ جۆرج مێجەر نارد گوتمان پاش دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان لە باشوور لە ساڵی ١٩٩٢ پێویستە ئەو هەڵەی ئێوە لە سەرەتای سەدەی بیست کردتان ئێستا راستی بکەنەوە حکومەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد دروست بکەن وەڵامی جۆرج مێجەر ئەوەبوو کە من پشتگیری سەربەخۆی کوردستان ناکەم بەڵکو پشتگیری ئۆتۆنۆمی دەکەم لەبەر ئەوە سەرکردەکانی کورد داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن نەک سەربەخۆی، هەرکەسێک ئەو دووێڕە بخوێنێتەوە

دەوڵەتی کوردی خەیاڵ نییە خەیاڵ ئەوەیە کە ژەنراڵەکانی تورک، مەلاکانی ئێران، بەعسییە فاشیستەکان بکەین بە دیموکرات

–

تێدەکات ئەویش وەک من سەربەخۆی کوردستانی دەخوازێت، بەڵام سەرکردەکانی کورد داوای سەربەخۆی ناکەن.

میدیا: لەئێستا دەگوترێت سەردەمی دەوڵەتی نەتەوەی بەسەرچوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئێوە بەردەوام باس لە سەربەخۆی کوردستان دەکەن ئایە بە راستە سەردەمی دەوڵەتی نەتەوە بەسەرچووە؟

– من تەوا و بەپێچەوانەوە دەبینم، دوای روخانی یەکێتی سۆڤیەت ١٠ دەوڵەتی نەتەوەیی دروست بوو، لە یوگسلاڤیا حەوت هەشت دەوڵەتی نەتەوەیی دروست بوو، هەموو دنیا بەرەو دەوڵەتی نەتەوەیی دەچێت ئێستا زەمانی دەوڵەتی نەتەوەییە. ئەوەی کە کارەساتە کەسێک زلەیەک لە ژنەکەی خۆی بدات ژنەکەی داوای تەڵاق دەکات، بەڵام ئێمە ئەو عەرەبانە نیوملیۆن مرۆڤی ئێمەیان کوشتوە کەچی ئێمە داوای تەڵاقی خۆمان ناکەین، من بۆخۆم لەوە تێناگەم خەڵەلێک هەیە کە نازانین چییە.

میدیا: کام لە حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەشدارن لە کۆنگرەی نیشتمانی کوردستاندا؟

– ئێمە لە مانگی ٢٠٠٩/٤ کۆنگرەی شەشمان بەست لە هەندێکیان پارتی ئامادە دەبوو PKK ئامادە نەدەبوو، هەندێک جار PKK ئامادە دەبوو پارتی ئامادەنەدەبوو، ئامانجی ئێمە ئەوەبوو کە هەموو ئامادەبین بەڵام هیچکات هەموو پێکەوە ئامادەنەدەبون.

میدیا: بۆ؟

– من بڕوام وایە دەوڵەتانی دەورووپشتی ئێمە نایەڵن، ئێمە ببین بە یەک دەست چونکە ئەگەر ئێمە یەک دەستبین کێشەی ئێمە چارەسەر دەبێت، ئەگەر بە خەیاڵ گریمانە بکەین بۆنموونە هێزی رەحمەتی بارزانی ١٥٠هەزار پێشمەرگەبوو، هێزی قاسملو بەدەیان هەزار پێشمەرگە بوو، PKK کەش دەڵێین بە ملیۆنان لایەنگرمان هەیە، ئەگەر ئەو هێزە گەورانە لەگەڵ هێزی مام جەلال ئەوانی دیکە، ببن بەیەک بۆ هیچ کەسێک پێمان دەوێرێت؟ بێگومان نەخێر، هێزێکی زۆر گەورەیە بەداخەوە کە ئەو هێزە گەورانە جگە لەوەی کە پێکەوە کارناکەن بەڵکو یەکیش دەکوژن.

میدیا: ئەو زەمینە واقعیانە چین وا لە تۆ دەکات پێتوابێت دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی مومکینە؟

– کێشەی ئێمە لە پەیماننامەی لۆزانەوە دەستی پێکرد، لەو پەیمان نامەیەدا پەیمان نامەی سیڤەر رەتکرایەوە بڕیاردرا ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو شێوەیەی ئێستا پارچە بکرێت، تائێستاش سیاسەتی رۆژئاوا لە سەر ئەو سیاسەتە بەڕێوەدەچێت، ئەوەی ئێستا لە کوردستانی ئێراق دروست بووە هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ پەیماننامەی لۆزان، واتە بڕیارێکی سیاسی بۆ دەوڵەتی کوردی لەئێستادا بوونی نییە، بەڵکو تەنیا بڕیارێکی ئینسانی هەیە کە گەلی کورد لە کیمیاوی ژینۆساید وئەنفال بپارێزێت لە ئێراقدا، ئێمە دەتوانین ئەو رایە بگۆڕین ئەگەر بمانەوێت، بۆ ئەوەی شتێکت بوێت دەبێ داوای بکەی، بەڵام تا ئێستا گەلی کورد داوای سەربەخۆی نەکردوە، ئێمە دەتوانین ئەو بڕیارەی لۆزان بگۆڕین بەڵام ئەگەر داوای بکەین.

میدیا: بەڵام سەرکردایەتی کورد پێیوایە کاتی ئەوە نییە داوای سەربەخۆیی بکەن؟

چۆن کاتی نییە؟ دوای پەنجاساڵ لە سیاسەتی ئەوان ئێستاش رەوشی کوردستان هەر وەک خۆی وایە، کۆمۆنیست، نازیەت، سەدام، شای ئێران و خومەینی هاتن وچوون ئێمە هەر وەک خۆمان ماینەوە، هەموو دنیا گۆڕان لای ئێمە هەر دەڵێین زەمینە نییە، هەزار زەمینە دروست بوو ئێمە هەروەک خۆمان ماینەوە.

میدیا: جاران خەباتی کورد بۆ کوردایەتی بوو، بەڵام لە ئێستادا هەست دەکرێت ئەوە کوردایەتییە کاڵ بوەتەوە باسی کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسیەت دەکرێت ئایە خەباتی راستەقینەی کورد لە پێناو دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دایە یان دیموکراسیەت و کۆمەڵگەی مەدەنی؟

– سەبارەت بە مافی مەدەنی و دیموکراسی پێش ئەوەش مارکسیەت و پیشتریش ئیسلامیەت، ئەوانە هەموو یاریکردنە بە ئەقڵی گەلانی زێر دەست، بۆ ئەوەی ئازادی خۆیان وەرنەگرن، ئەو خەڵکەی کە بەدەسەڵاتە سیاسەتی خۆیان بەکاردەهێنن بۆ ئەوە گەلانی ژێردەست داوای مافی خۆیان نەکەن، کاتێک ئیمپراتۆریەتی مەدیا کەوت زانایانی دینی زەردەشتی کورد کەوتنە ژێر کاریگەری زانایانی دینی زەردەشتی فارس، کاتێک ئیسلام هات دینی زەردەشتی لە کوردستان تێکچوو وەک ئیسلام موسڵمانی کورد کەوتنە ژێر دەسەڵاتی موسڵمانی عەرەب و فارس و تورک، فارسەکان ئیسلامێکی فارسیان دروست کرد، ئێمە نەمانتوانی ئیسلامێکی کوردی دروست بکەین، بۆیە هەرکەس دەسەڵات داربوو ئێمە نۆکەری ئەو دەبوین، ئیسلام دەڵێت هەموو گەلان وەک یەکن، بەڵام ئەوە بۆ کورد راست نەبوو مارکسیەت دەڵێت مافی چارەنووس هەیە، بەڵام بۆ کوردی سۆڤیەت ئەو مافە نەبوو، لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت ئەو قسانە هەمووی درۆیە ئەو فیکرانە بۆ ئەوەی بەکارهێنراون دەوڵەتانی زێر دەست وەک خۆی بمێنێتەوە، ئەوەی ئێستا دەڵێت ئەگەر ئێراق دیموکراسی بێت کورد مافی خۆی وەردەگرێت درۆیەکە لەوەی ئیسلام و مارکسیەت گەورەتر، ئەوە دروشم و ناوێکی زۆر گەورەیە چونکە کەس ناتوانێت شەڕی دیموکراسیەت بکات، بەبڕوای من نەخشەیەکی باش دروست کراوە. بەبڕوای من دەکرێت

ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە ماف بە هاوڵاتییانی خۆیان نادەن چۆن ماف بە نەتەوەی کورد دەدەن

دەوڵەتێک دیموکراتی لەهەمانکاتدا داگیرکەریش بێت هەر لە دیموکراسیەتەکەی یۆنان و ئەسکەندەری مەکدۆنیەوە کە هەموو دینای داگیرکرد تا رۆمانیای کۆن کە گەورەترین ئەنجومەنی سیناتی دنیایان هەبوو گەورەترین داگیرکەر بوون، مەگەر فەرەنساو بەریتانیا گەورەترین هێزی دیموکراتی ئەم زەمانە نەبوون؟ خۆ ئەوانیش هەر داگیرکەربوون، واتا مانای ئەوە نییە بەغدا دیموکراتبێت ئیدی مافی کورد دابین دەکات. ئەوە درۆیەکی ئاشکرایە.

میدیا: واتا بەڕای تۆ دیموکراتیەت ناتوانێت مافی چارەی خۆنوسین بۆ کورد دەستەبەر بکات؟

– بەڵێ ئەوەی ١٠٠٪

من خاوەنی کوردستانم، من کوردستان دروست دەکەم، واتە بەشێوەیەک ناڕاستەوخۆ ١٠٠کوردستانمان دروست کرد، سایکس بیکۆ زەوی کوردستانی دابەشکرد، بەڵام حزبە کوردییەکان خەڵکەکەیان دابەش کردوە.

میدیا: زۆرجار دەگوترێت کە نەتەوە پێویستی بە بوونی رەمزێک یان مەرجەعێک هەیە هەمووی لە ژێر سایەیدا کۆببێتەوە ئایە کورد ئەو رەمزەی هەیە یانا ئەگەر نییەتی بۆ؟

– ئەو رەمزە هەبوو خوالێخۆشبوو بارزانی نەمر، ئەو رەمزێک بوو بۆ هەموو کورد، نەک تەنیا باشوور بەڵکو هەموو کوردستان لەژێر دەسەڵاتی بارزانی نەمردابوو، ئەو کاتە نە قاسملو هەبوو نە PKKهەبوو نەکەس تەنیا مەلا مستەفا هەبوو بەس، دوای کۆچی دوایی مەلا مستەفا ئەو رەمزە نەما، لە سەر ئەو بناغەیەش من بابەتی کۆنگرەی نیشتمانیم هێنایە پێشەوە، من

هەزاران دەوران هات و چوو کورد هەر دەڵێت زەمینەی دەوڵەتی سەربەخۆ دروست نەبووە

لە بیرم دێت سەردانی بارزانی نەمرم کرد بە بارزانی نەمرم گوت لە دوورەوە هاتم رەببەکانی ئێراق زانیم کە ئەوە رەببەی سوپای ئێراقە بە هێزی ئاڵاکەیانەوە، بەڵام تا ئەمانە نزیک نەمزانی رەببەکانی پێشمەرگە کامەیە چونکە هیچ ئاڵایەکی کوردستانیان پێوە نەبوو، بارزانی گوتی راست دەکەیت، پاشان ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی گوتی بەمن جارێکیتر لای سەرۆک ئەو قسانە مەکە چونکە ئێمە دەوڵەتی کوردیمان ناوێت، ئێمە ئۆتۆنۆمیمان دەوێت. منیش ئەو کات بەرپرسی یەکێتی قوتابیانی کوردی سوریا بووم گوتم راست دەکات چونکە ئەو سەرکردەیەکی گەورەی شۆڕشە، بەڵام ئێستا دەزانم کە من راستم دەکرد نەک ئەو، یانە وەرزشییەکان لە دنیادا ئاڵای تایبەتی خۆیان هەیە، ئەی بۆ ئێمە ئاڵای خۆمان نەبێت. ئێمە ئەوە چەند ساڵێکە

میدیا: ئایە دەکرێت دەوڵەتێکمان هەبێت هەم دیموکرات بێتو لە هەمانکاتیشدا نەتەوەیی بێت؟

– دیموکراسییەت فەلسەفەی دەوڵەتی داگیرکەرە بۆ ئەوەی یاری بە ئەقڵی گەلانی زۆر دەستە بکات.

میدیا: لە هەموو شوێن و کاتێک وایە؟

دیموکراسییەت فەلسەفەی دەوڵەتی داگیرکەرە بۆ ئەوەی یاری بە ئەقڵی گەلانی ژێردەستە بکات

– بەڵێ، کوا مافی میللەتی باسک لە ناو یەکێتی ئەورووپادا کە رۆژانە دەکوژرێن، یان بەریتانیا گەلی ئیرلەندی دەچەوسێنێتەوە، واتە وانییە ئەگەر دەوڵەتێک دیموکراتبێت ئیدی لەگەڵ گەلەکانی ژێردەستی باش بێت، دیموکراتییەت وداگیرکاری زۆر ئیمکان هەیە پێکەوە کاربکەن .

میدیا:بابەتی کۆنگرەی نەتەوەی و دانانی ستراتیژیەتی سەربەخۆی کوردستان بەکوێ گەیشت و چ ئامادەکاریەکەی لە لایەن ئێوەوە بۆ کراوە؟

– مەسەلەی حزبایەتی نەتەوایەتی لە ئێمە تێکداوە، هەر حزبێک لە ناوچەیەک دەیەوێت زەعامەتی خۆی دروست بکات، نەک بۆنەتەوە. کار بکەن ئەوەش زیانی بە کۆنگرەی نەتەوەی کورد گەیاند. ئەگەر بیری نەتەوەیی هەبوایە براکوژی دروست نەدەبوو، ئەگەر کوردێک باوەڕی بە بیری نەتەوەیی هەبێت، ئیمکانی نییە برای نەتەوەی خۆی بکوژێت.

میدیا: بەبڕوای ئێوە هەستی نەتەوەی لای تاکی کورد لاوازە یان، ئەوە سەرکردەکانی کورد نایانەوێت بایەخ بەو مەسەلەیە بدەن لە بەر بەرژەوەندی خۆیان؟

– سایکس بیکۆ کوردستانی کرد بە چوار پارچە، بەڵام ئێستا لە هەموو کوردستان سەد پارتی هەیە کە دەڵێت ئاڵامان بەرز کردووەتەوە، لە سەرەتای راپەڕیندا خەڵک ئاڵای کوردستانیان بەرز کردەوە، بەڵام من لە بیرم دێت لە پەرلەمانی کوردستان یەکەم دانیشتن ئاڵای ئێراق هەبوو ئەو کات ئەندامانی پەرلەمان گوتیان ئێمە لە ژێرسایەی ئەو ئاڵایەدا دانانیشین کە ژینۆسایدی کردووین، کۆبوونەوەی لە بەینی پارتی ویەکێتی دروست بوو، تا رۆژی دوای کۆبوونەوە بڕیاری دا هیچ ئاڵایەک دانەنێت پەرلەمانی کوردستان لە یەکەم دانشتنیدا هیچ ئاڵایەکی نەبوو تاماوەیەکی دوور و درێژ.

میدیا: ئێوە کۆماری رۆژئاواتان لە تاراوگە دروست کردوە هۆکاری پێکهێنانی ئەو هەنگاوە چیە ئامانجتان لەوە چیە؟ لەکاتێکدا زۆر باسە لە کوردستانی یەکگرتووەکەن بۆ کۆمارەکەتان تەنیا لە سەر ئاستی بەشێکە نەک هەموو کوردستان؟

– لەگەڵ ئەورووپی و رۆژئاوایەکان دەتوانم بە پێنج دەقە باوەڕیان پێبهێنم کە کورد مافی دەوڵەتی خۆی هەیە، بەڵام بەرۆژ و مانگ و ساڵ لەگەڵ کورد گفتوگۆدەکەم ناتوانی قەناعەت بەکوردەکان خۆیان بهێنی کە کورد ئەو مافەی هەیە، هەندێکجار دەڵێم کاکە من بە تۆم نەوتووە کە دەوڵەتێک بۆ ئیسرائیل دروست بکە، دەمەوێت بۆ خۆت دەوڵەتێک دروست بکەم بۆ کورد بەڵام ئەوان هەر باوەڕیان نایەت. دەگەڕێمەوە سەر ئەو بەشەی پرسیارەکەت کە بۆ حکومەتی رۆژئاوا نەک هەموو کوردستان؟ بەڕای من کوردستانی سوریا لە ژێر مەترسییەکی گەورەدایە چۆن کوردستانی سور لە سۆڤیەت نەماو هیچ کەسێک باسی ناکات، کوردستانی سوریاش ئێستا لە ژێر هەمان مەترسیدایە، کوردستانی ئێراق و تورکیا و ئێران کەس ناتوانێت ئینکاری بکات، بەڵام ئینکاری کوردستانی سوریا دەکرێت ئێستاش هەندێک لە سەرکردەکانی کورد

دەڵێن کوردی سوریا لە تورکیاوە هاتوون، هەندێکی دیکە لە سەرکردەکانی کورد دەڵێن بۆ سێ چوار گوندی کورد ئێمە ئامادەنین پەیوەندی خۆمان لەگەڵ سوریا تێکبدەین. تێکەیشتنێکی هەیە لە دوژمنانی کوردستان و ناو خودی کوردیشدا بۆ ئینکاری کردنی کوردستانی سوریا بۆیە ئێمەش بۆ داکۆکی کردن لەو قەزیە کۆماری کوردستانی رۆژئاوامان راگەیاند. لەو ناوەندەدا ئێمە لەسەر ئاستێکی باش پەیوەندیمان هەیە من خۆم چەند جارێک تۆنی بلێرم بینیوە، لە لیبیا لە سەرۆکایەتی کۆماری لیبیا پێشوازیمان لێکراوە وەک سەرۆک کۆمار، هەروەها وەزیرانی دەرەوەی چەندین وڵاتمان بینیوە و لە چوارچێوەیەکی زۆر فراواندا کاردەکەین.

میدیا: لە شۆڕشی ئەیلولدا، سەرکردایەتی شۆڕش زۆر بایەخی بە کەسایەتی و لایەنە نەتەوەییەکان دەدا و راوێژی پێدەکردن، بەڵام ئێستا پێچەوانەیە ئێوە، چی دەڵێن؟

– کاتی خۆی لە شۆڕشی ئەیلول بارزانی نەمر گرنگی و پشتیوانی زۆری بەو خەڵکانە دەدا کە بیری نەتەوەییان هەبوو، فەتاح ئاغا ئامیر هێزی رزگاری و حەمە عەزیز لێپرسراوی دارایی و مام هەژار لەنزیکەوە هاوکاری بوون کە پارتیش نەبوون، کاک ئیدریس بارزانی لێپرسراوی پەیوەندییە لایەنە نەتەوەییەکان بوو، کەچی ئێستا ئەو حزب و لایەنانەی خاوەن پەیامی سەربەخۆیی کوردستانن، نەک هەر هاوکاری و پشتگیری ناکرێن، بەڵکو دژایەتی دەکرێن و پشتگیری لە بیروباوەڕە هاوردەکان دەکرێن کە پێویستە سەرکردایەتی کوردستان و دەسەڵاتدارانی باشوور زیاتر رۆڵ بە لایەنە نەتەوەییەکان بدەن و گوێیان لێبگرن نەک پەراوێزییان بخەن.